## چنار سەعد عەبدوڵڵا، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:

# بۆ ئەوەی بتوانین کاری باشتر بۆ خێزانی شەهید و ئەنفالکراوەکان بکەین پێویستم بە پشتیوانی کەسانی شارەزا و پسپۆڕ هەیە...

- **وەزارەتەکەی ئێمە ئەرکی سەرشانییەتی کەموکوڕییە مادی و مەعنەوی بنەماڵەی شەهیدان و ئەنفالکراوان پڕ بکاتەوە.**
- **هاوکاری و هەماهەنگی لە گەڵ ناوەندی هەڵەبجە (chak) بۆ ئێمە زۆر گرنگە.**

**لە پرۆسەی یەکخستنی ئیدارەکانی کوردستاندا چەند وەزارەتێکی تازە دامەزران یەکێک لەو وەزارەتانە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانە کە یەکێک لە قورسترین ئەرکەکانی لەسەرشانە، چونکە تا ئێستا وەک پێویست ئاوڕ لەو قوربانیانەی ئەنفال و کیمیاباران نەدراوەتەوە.**

**بۆ بەدواداچونی ئەو پرسە و زانینی پرۆژەی ئەو وەزارەتە تازەیە، خاتوو چنار سەعد عەبدوڵڵا وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانمان هێنایە ئاخاوتن تا لەنزیکەوە پرۆژەی وەزارەتەکەی لەو بوارەدا باس بکات.**

**دیمانە. نامق هەورامی ـ هەولێر**



**چنار سەعد عەبدوڵڵا ، خەڵکی شاری هەولێرە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٤، خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدینە. شووی نەکردووە و کچی شەهید سەعد عەبدوڵڵایە کە لە کارەساتی یەکی شوبات شەهید بووە**

**پ: لە رابردوو و ئێستادا ئەوانەی قوربانی زۆریان دا و کەمتر سوودمەند بوون ئەوانەن لەو وەزارەتەی ئێوەدا خۆیان دەبیننەوە، کە بنەماڵەی شەهیدان و ئەنفالکراوانن، ئێوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو حاڵەتە چۆن خۆتان ئامادە دەکەن؟**

و: من ئێستا لەژێر بارێکی قورسدام چونکە کەموکورتی زۆر لەو بوارەدا هەیە و وەکو پێویست لەو ئاستەدا ئاوڕ لەو توێژە قوربانیدەرە نەدراوەتەوە بەهۆی بارودۆخی سیاسی یان ئابووری یان هەر هۆیەکی ترەوە بۆ بێت.

بۆیە ئێستا کاتی هاتووە ئەوان داوای بەرهەمی قوربانیەکانیان بکەن و وەزارەتەکەی ئێمە ئەرکی سەرشانییەتی کەموکوڕییە مادی و مەعنەوییەکانیان پڕ بکاتەوە، راستە من رەنگە ئەزموونی لەو جۆرەم کەم بێت، بەڵام چونکە منیش یەکێکم لەو بنەماڵانە بۆیە خۆم بە دابڕاو نازانم و بەردەوام لەگەڵ گرفتی ئەواندام، منیش دەزانم خێزانی شەهیدان گرفتەکانیان چین و بە چ ئازارێکی بەردەوامەوە دەتلێنەوە.

ئەمەش بەو واتایە نایەت کە من بتوانم هەموو شت بکەم بۆ ئەم کارە پێویستم بە پشتیوانی کەسانی شارەزا و پسپۆڕ هەیە لە بوارەکەدا بۆ ئەوەی بتوانین کاری باشتر بۆ خێزانی شەهید و ئەنفالکراوەکان بکەین.

ئەمە بە تەنها کێشەی یان ئەرکی وەزارەتێک نییە.

پێویستە دەسەڵاتی سیاسی و حکومەتی هەرێم و تەواوی وەزارەت و دەزگاکان لە خزمەت بنەماڵەی شەهیدان و ئەنفالکراواندا بن.

**پ: لە رابردوودا گەورەترین هەڵمەتی جینۆساید لە دژی گەلی کورد ئەنجام درا، بەڵام لە ئاستی ناوخۆ وەک پێویست، وەک ئەوەی جولەکەکان لە بەرامبەر کارەساتی هۆلۆکۆستا بەردەوام قەرەبوو وەردەگرنەوە، ئایا وەزارەتەکەی ئێوە لە بەرنامەیدا هەیە داوای یاسایی لە دژی هەموو ئەوانە بەرز بکاتەوە کە بەشدار بوون لەم جینۆسایدەدا و کێشەکە بگەیەننە ئاستێکی نێودەوڵەتی؟**

و: دیارە ئەمساڵ لە یادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا کە ئەوکات ئەندامی پەرلەمان بووم، ئەوەم گوت کە ئەگەر میزانیەی حکومەت دەیان بەرامبەری ئەوەی ئێستا بێت. ئێمە ناتوانین قەرەبووی بەشێکی بچوکی ئەو قوربانیانە بکەینەوە، بۆیە پێویستە ئەم کێشەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بناسێنین و داوای قەرەبوو لە کۆمپانیا و وڵاتانی بەشداری جینۆسایدی گەلی کورد بکەین، دەبێت حکومەتی عێراق قەرەبووی ئەو خەڵکە بکات و ئەمەش بەو جۆرە دەبێت ئێمە بە پێی یاسا وەک ئەوەی شیعەکان کردوویانە داوا بکەین بەشێک لەو نەوتەی عێراق ک ە دەفرۆشرێت تەرخان بکرێت بۆ قەرەبووکردنی ناوچە و خەڵکە زیان لێکەوتووەکان و قەرەبووکردنەوەی پاشماوەکانیان.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ئێمە بینیمان کە یەکێک لە بازرگانە هۆڵەندییەکان کە کەرەسەی چەکی کۆمەڵکوژی بۆ عێراق پەیدا کردبوو دادگایی کرابە ١٥ ساڵ، دەبوایە ئەو هەلە بقۆزینەوە بۆ ئەوەی داوای قەرەبوو بکەین لەوان و لەو وڵاتانەی تریش.

ئێستاش کات ماوە، ئێمە پارێزەری نێودەوڵەتی دەگرین لە دادگا نێودەوڵەتییەکاندا شکات لەو وڵات و کۆمپانیایانە دەکەین تا ناچار دەبن لانی کەم لە ناوچە زیان لێکەوتووەکان وەک هەڵەبجە و گەرمیان و بارزاندا پرۆژەی بەردەوامیان هەبێت بۆ ئاوەدانی و بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری ئەو خەڵکە زیان لێکەوتووە و قەرەبوویان بکەن، ئەمەش پرۆژەیەکی بەردەوامی ئێمە دەبێت.

**پ: ساڵی رابردوو فرانس ڤان ئانرات بە ١٥ ساڵ زیندانی حوکم درا، ئەمساڵ مەسەلەی ١٨ کچە فرۆشراوەکە بە میسر نامەی ناڕەزایی کورد بوو لە دەرەوە بۆ باڵوێزخانەکانی میسر، ئەم کارانە لەلایەن ناوەندەی هەڵەبجەی دژ بە ئەنفال و جینۆساید (chak) ئەنجام دران ئەم رێکخراوە بە بارتەقای وەزارەتێک زیاتر کارکیردوە، لە بەرنامەتاندا هەیە لەگەڵ ئەو رێکخراوەدا هەماهەنگی و کاری هاوبەشتان هەبێت لەو بوارەدا؟**

و: ئێمە ئەم وەزارەتەمان تازە دروست کردووە بۆیە پێویستیمان بە هاوکاری هەر کەس و رێکخراوێک هەیە کە هاوکاریمان بکات چ لە رووی پێدانی زانیاری یان پرۆژە یان دیکۆمێنت، لەم وەزارەتەدا بەشی شەهیدان و ئەنفالکراوان و گۆڕە بە کۆمەڵەکان و کیمیاباران و کەم ئەندامان هەیە بە تایبەتی هاوکاری و هەماهەنگی ناوەندی هەڵەبجە (chak) بۆ ئێمە زۆر گرنگە و بەڕێزەوە دەڕوانینە هەنگاو و چالاکیەکانیان، هەموو لایەکمان لە خزمەتی دۆزەکەدا دەبین، پێمان خۆشە زانیاری و پرۆژەکانیان بدەنە ئێمە و چۆنیان پێ باشە یان ئێمە سەردانی ئەوان دەکەین یان ئەوان سەردانی ئێمە بکەن بۆ زیاتر گەشەدان بە پرۆژەکان.

بە داخەوە بەهۆی دابەشبوونی ئیدارەی حکومەتەوە ئێمە شەهید و ئەنفالکراو کیمیابارانی دوو ئیدارەمان هەیە ئەمەش وایکردووە ئاماری دروستمان لەلا نەبێت بۆیە هەنگاونان بۆ کۆکردنەوەی ئامارێکی دروست لەو بوارەدا پێویستە پەلەی لێ بکرێت تا لە کاتی پێویستدا هیچ کەس مافی نەخورێت، ئەمە سەرباری ئەوەی کە تەلاعوب بە ناوی شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران کراوە و ناوی تریان تێکەڵ کراوە، پێویستە ئەمانە پاک بکەینەوە، ئێستا مۆزەخانە و ئەرشیفی کارەساتەکانمان کۆ نەکردوەتەوە بۆیە پێویستە هەنگاوی جدی بەو ئاراستەیەشدا بنرێت و سەرکەوتنی ئەم کارەش بە پشتیوانی ئەو ناوەند و رێکخراوانە دەبێت، بۆیە دووبارە لێرەوە داوای یارمەتییان لێدەکەم.

**پ: لەبەر کەمی خزمەت گەیاندن بە ناوچە قوربانیدەرەکان هەندێک جار هەڵچوونی جەماوەری دروست دەبێت و بینیمان گەیشتە ئەو رادەیەی پێیان وابوو سیمبۆلێک نەتوانێ برینە بەردەوامەکان تیمار بکات نەبێت باشترە، ئەوەبوو بە گوللە وەڵامی ئەو خەڵکە درایەوە و لە یادی ئەنفالیشدا داوا لە خەڵکی گەرمیان کرا ئەزموونی هەڵەبجە دووبارە نەکەنەوە، لە ئایندەدا لەگەڵ هەر رووداوێکی تری لەو جۆرەدا وەزارەتەکەی ئێوە هەڵوێستی چی دەبێت؟**

و: دەبێت ئەوە بڵێم لەسەداسەد دژی توندوتیژی و وێرانکاریم و قبوڵی هەموو داوا و خواستەکانی بنەماڵەی شەهید و ئەنفال و کیمیاباران کراوەکان دەکەم کە داوای مافیان دەکەن و پشتیوانیان لێدەکەم، خۆزگە دۆخەکە ناگاتە ئەو رادەیەی کەسوکاری قوربانیان بێن لە دەرگای دەسەڵات بدەن، پێویستە ئێمە لە دەرگای ئەوان بدەین و حکومەتی کوردی دەبێت بەر لە هەموو کەس خزمەتی ئەوان بکات و هەموو لایەک قەرزاری قوربانیدانی ئەو خەڵکەن.

هیوادارم ئەو حاڵەتانە دووبارە نەبنەوە، ئەرکی وەزارەتەکەی ئێمەیە لە رووی مادی و مەعنەوەی یاساییەوە داکۆکی لەوان بکات و رێگە لە دووبارەبوونەوەی رووداوی لەو جۆرە بگرین، ئێمە ئەگەر داخوازی ئەو خەڵکە جێبەجێ بکەین ئەوانیش بیر لە کاری توندوتیژی ناکەن ەوە و پەلاماری سیمبۆلەکانیان نادەن.

**پ: هەڵەبجە و ئەنفال ئەو پیاوە نەخۆشەیە ئێمە لەبری ئەوەی چارەسەری بکەین بە دیاریەوە دەگرین، تاکەی گریان، تاکەی ئەو نەخۆشە نەگەیەنینە بیمارستان؟**

و: تێڕوانینێکی جوانە بۆ مەسەلەکە، هەمومان دەزانین کە تاک تاکی ئەو خەڵکەی توشی ئەو کارەساتانە بوون لە رووی جەستەیی و دەروونی و رووەکانی ترەوە بیمارن، کاتی ئەوە نەما ئێمە دروشم بە باڵایاندا بڵێین، هیچ کام لەو دروشمانە ناچنە گیرفانەوە، ئاوەدانی نادەنە کەلاوەکان، پێویستە پراکتیکی بکرێت بۆ خۆشگوزەرانی ژیانیان و دووبارە بونیادنانەوەی کەسایەتی ئەو خەڵکە، چونکە دروشم نەک ئەو نەخۆشە چارەسەر ناکات بگرە بەرەو مردنی حەتمی دەبات و مردنی ئەو نەخۆشە واتە مردنی کۆمەڵگەی کوردی، واتە نەمانی ئێنتیما.

کاتێک خەڵک هەست بکات قوربانییەکانی بە چاوێکی کەم تەماشا دەکرێت چۆن ئێنتیمای بۆ گەل و حکومەتەکەی دەبێت.

دیارە ئێمەش سیحرمان پێناکرێت بتوانین لە ماوەیەکی کورتدا ئەو بارودۆخە بگۆڕین، بەڵام لە پێناو ئازادکردن و چارەسەری ئەو نەخۆشە ئامادەین لە هەموو دەرگایەک بدەین، باوا تەماشا نەکەین تەنیا گرفتی ئەو خەڵکە ماددە بێت، دڵنیام ئەو خەڵکە پێویستی بە دڵنەواییکردن زیاترە، پێویستی بەوەیە گوێ لە موعاناتەکانی بگیرێت، با مانگانانە هاوکاری بکەیت لە رووی ماددییەوە، بەڵام کە کەسایەتییەکی نەخۆشی هەبێت چی دادی دەدات؟

لەلایەکی ترەوە بۆ ئێمە کۆمەڵگە بکەینە کۆمەڵگەیەکی موستەهیلک بۆ خانەوادەی قوربانیان تەنیا پارەیان بدرێتێ، پێویستە ئەوانە رابهێرێن کە بەرهەمهێن بن و ئەوەش ئەرکی حکومەتە پرۆژە و کارگەیان بۆ بکاتەوە تا لە دۆخی ئیستیهلاکەوە ببنەوە بە کەسی بەرهەمهێنەر، بەمە برواو متمانەیان بۆ دروست دەبێتەوە نەک بە پێدانی بەردەوامی پارە بکرێنەوە مرۆڤی تەوەزەل.

**پ: بەهۆی موجامەلاتی سیاسییەوە کۆمەڵێک کەسی ناشایستە کرانە شەهید، لە بەرامبەردا هەر بە هۆی موجامەلاتی سیاسییەوە هەندێک لە بنەماڵەی کیمیاباران و ئەنفالکراوان موچەیەکی رەمزیان درایە بە فەرمی ئەوانە شەهیدی سەنگەر نین، خەڵکی نا موستەهەقیش شەهیدی سەنگەرە، کەی ئەو چاکسازی و پاکسازییە دەکەن؟**

و: ئەوە هەنگاوێکی قورسە بەڵام ئێمە دەستی پێدەکەین بۆ ئەوەی هەیبەتی شەهیدی راستەقینە بگێڕینەوە، بەڵام بەردەوام دەبین تا دادپەروەری بگێڕینەوە، ناکرێت کەسێک بە مردنی خودایی لە ماڵەکەی خۆیدا بمرێت هاوشانی کەسێکی تێکۆشەی نێوسەنگەر و خنکاوی کیمیایی و ژێر خاک نراوی بیابانەکان بێت، هەندێک کەس بەوەش رازی نییە کە مردووەکەی کراوەتە شەهیدی هاووڵاتی داوایکردووە بکرێتە شەهیدی سەنگەر یان کراوەتە شەهیدی سەنگەر کە ئەمەش ناعەدالەتییە و نابێت ناعەدالەتیش بێتە شوێنگرەوەی دادپەروەری.

لە پرۆژەماندا هەیە وەزارەتەکەمان وەزارەتێکی بەرهەم هێنەر بێت لە رێگەی کردنەوەی کارخانەی بچوک بچوک وەک ئەلبان و درومان و چەندین کارگەی تر کە بۆ بنەماڵەی شەهیدان بن و داهاتەکەشی هەر بۆ ئەوان بێت.

دیسان لە پرۆژەماندا هەیە کە وەزارەتەکەمان بۆ کەسوکاری شەهیدان کە دەخوێنن هەموو ئەرکەکانیان بگرینە ئەستۆ تا خوێندن تەواو دەکەن پاشان خۆی بتوانێت خۆی بژیەنێت.

هەوڵ دەدەین کورسی لە زانکۆکانی کوردستاندا بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال و کیمیابارانکراوەکان دابین بکەین و لەگەڵ زانکۆکانی دەرەوەش هەوڵ دەدەین زەمالاتی خوێندن وەرگرین بۆ ئەوانەیان کە ئاستی زانیارییان زۆر باشە تا لە دەرەوە بخوێنن.

**پ:دوا وتەتان..؟**

و: دووبارە لێرەوە داوا لەو ناوەند و رێکخراو و کەسایەتییانە دەکەین کە لەو بوارانەدا کاریان کردووە هاوکاریمان بکەن بە پرۆژە و زانیاری و دیکۆمێنت بۆ ئەوەی کاری وەزارەتەکەمان باشتر بێت. ■■■



**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**
**من چنار سەعد عەبدوڵڵا، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لەیەکیەتی گەل و خاکی کوردستانی ئێراق بکەم و رێز لەیاسا بگرم و بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.**